فایەق زێدان: بڕیاری راگەیاندنی جەنگ بەگوێرەی دەستور تەنیا لەدەسەڵاتی دەوڵەتدایە



فایەق زێدان، سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق رایدەگەیەنێت، بڕیاری راگەیاندنی جەنگ بەگوێرەی دەستور تەنیا لەدەسەڵاتی دەوڵەتدایەو راگەیاندنی جەنگ لەلایەن هەندێك لەگروپەچەکدارەکانەوە مەترسییەکی گەورەیەبۆ سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە.

فایەق زێدان، سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ئەمڕۆ هەینی، لەوتارێکدا رایگەیاند، راگەیاندنی جەنگ یەکێکە لەمەترسیدارترین بڕیارەسیادییەکان کەلەتەنیا لەدەسەڵاتی دەوڵەتدا بەگوێرەی دەستورو یاسا. لەعێراق دەستور ئەو بابەتەی بەوردی ڕێکخستوەبۆ ئەوەی خراپ بەکارنەهێنانی زامن بکرێت و هاوسەنگی لەنێوان پاراساتی دەوڵەت و سیستمی دیموکراسی بەدی بێت.

ئەوەشی خستەڕوو، دەستوری عێراق میکانیزمێکی ڕونی بۆ راگەیاندنی جەنگ داناوەبۆ ئەوەی بڕیارێکی وا بەشێوەیەکی تاکەکەسی و هەڵەمەکی نەدرێت بەکو پێویستی بەڕێکاری دەستوری دیاریکراوەبۆ.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، راگەیاندنی جەنگ یاخود باری نائاسایی بەگوێرەی دەستور لەسەر داوای هاوبەشی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دەبێت کە ئەو داوایەش دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی.

وەك فایەق زێدان رونیکردێتەوە، مەرجی دەستوری بۆ پەسەندکردنی داوا هاوبەشەکە و راگەیاندنی باری جەنگ ئەوەیە کە دو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بە بەدەنگی لەسەر بدەن. ئەو مەرجەش دەرخەری مەترسیداریی بۆیارەکەیەو ئامانج لێی گەرەنتیکردنی بونی سازانێکی نیشتیمانی فراوانە بەرلەوەی وڵات بچێتە نێو ململانێیەکی چەکداریەوە.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، هەستسوکەوتی هەندك لە گروپە چەکدارەکان و هەواداریان بۆ بۆیاردانی تاکلایەنە لە شەڕ و ئاشتی، هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر سەروەریی دەوڵەت و سەقامگیریی کۆمەڵگەو دەبێتە مایەی پشێوی یاسایی و ئەمنی.

هەروەك وتوشیەتی، تاکەوی ئەو گروپە چەکدارانە لە راگەیاندنی باری جەنگی بەشێوەیەکی کرداری و لەڕووگەی ئەنجامدانی چەند چالاکییەك کە سروشتی جەنگییان هەیە، پشێلکردنکی ئاشکرای دەستورە، چونکە ئەو مافە تەنیا هی دەسەڵاتە دەستوریە یاسایەکانە کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل دەکەن و لەنێو چوارچێوەیەکی یاسایی رێکخراودا کاردەکەن. کاتك هەندك لە گروپە چەکدارەکان ئەم جۆرە بۆیارانە دەدەن، ئەوا شکڵی دەوڵەت و بنەمای سەروەریی دەوڵەت لاواز دەکەن.

ئەوەشی وتوە، لەڕوی ئەمنیشەوە، ئەم تاکەویە دەبێتە مایەی فرەیی ناوەندیی بۆیاری سەربازی، ئەوەش دڵخك لە پشێوی و ناسەقامگیری دروست دەکات و ئەگەری هەیە وڵات بەرەو ناکۆکی نوخێیی و ناوچەیی پەلکەش بکات بەبێ بونی سازانکی نیشتمانی. هەروەك بەربڵاوی چەك لە دەرەوەی دەستی دەوڵەت ئەگەری رودانی پکدادانی چەکداری لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگە زیاد دەکات.

ئاماژەی بەوەشداوە، لەڕوی سیاسیشەوە، ئەم رەفتارە هەڕەشەیە لە سیستمی دیموکراسی چونکە بەسەر دامەزراوە هەڵبژێردراوەکاندا بازدەدات و رێیان پەراوێز دەخات. بۆیە بۆیارە ناڕەسمییەکان بۆ جەنگ رەنگە دەوڵەت روبەڕوی گۆشەگیریی نێودەوڵەتی یاخود سزا بکاتەوە.

فایەق زێدان وتوشیەتی، لەگەڵ کەمەڵایەتیشەوە، ئەم دۆخە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان دەبێت و کاریگەریشی لەسەر خزمەتگوزاریيە گشتییەکان و ئابووریی دەبێت بەهێی بەردەوامیی گرژییە ئەمنییەکان.

جەختیشی کردەتەوە، تاکەوی هەندێك لە گروپە چەکدارەکان بە راگەیاندنی باری جەنگ، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر دەوڵەت و کەمەگە، چونکە هەڕەشە لە سەروەریی نیشتمانی دەکات و سیستمی یاسایی لاواز دەکات. بۆیە دەبێت چەك تەنیا لەدەستی دەوڵەتدا کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێی دامەزراوە دەستوریيەکان بەهێز بکرێت لەپێناو ئاسایش و سەقامگیری و بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز راوەستاو لەسەر یاساو شەرعیەت.